سودان..بەهۆی داڕمانی زەوییەوە لە گوندێک لە هەزار کەس بوونە قوربانی

لەئەنجامی بارانی بەخووڕ و ڕووچوونی زەوی، گوندی تەرسینی ڕۆژئاوای سوودان بە تەواوی وێران بوو و زیاتر لە 1000 کەسیش گیانیان لەدەستدا.

ڕووداوەکە شەوی دووشەممە لەسەر سێشەممە ڕوویداوە، کاتێک زۆرینەی دانیشتووانی گوندەکە لەناو ماڵەکانی خۆیاندا بوون لەناکاو زەوی هەرەسی هێنا و سەرجەمیان بوون بە ژێر قوڕ و خانووەکانیانەوە.

هاوکات بانگەوازی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەزگا فریاگوزارییە نەودەوڵەتییەکان دەکات هاوکار بن بە کەمکردنەوەی زیان و دۆزینەوەی تەرمەکان، کە لە نێویاندا ئافرەت و پیاو و منداڵ هەن.

جەختیشدەکەنەوە، ”بارانبارینی بەخوڕ کە لە ڕۆژی یەکشەممەوە ناوچەکەی گرتووەتەوە، هۆکاری ڕووداوەکە بووە، لە ئێستادا تیمە فریاگوزارییەکان گەیشتوونەتە شوێنی ڕووداوەکە و گەڕان بەدوای تەرمەکاندا بەردەوامە.